www.kurdistannet.org

9-8-2007 17:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامۆیی ... بەکر حەبیب



چەند شەوێکی ڕەش و تارە لەمووڵاتە سڕ وساردە!
زۆر بێهیوا هەنگاو ئەنێم لە شەقام و کووچەیشاردا
سەرهە ڵئەبرم بە چواردەوردا لە بەفر زیادتر نابینم
بێ تروسکە و ڕوناکییە چرای دڵی پڕ برینم
خووایە بۆکردمتە نامۆ لەووڵاتی کزە و سەرما؟
بۆچی بەرگی پەژارەییت بەم شێوەیە کردبەبەرما؟
بەدەم قوڵپی گریانەوە زۆربەی شەوان بەڕێ دەکەم
بەجەستەی نیوەگیانەوە سەر لەسەر سەرینم دەکەم
هەمیشە لە بەرتەنهایی ڕوودەکەمە مەی خواردنەوە
تا تۆزێ بەدوور بم لە غەم لە ئازاری بیرکردنەوە
ووشەی کامەرانی و خەندە لە سیمای نامۆم سڕاوە
ژیانی لاویم بەسەرچوو تەمەن لە مەنفا بڕاوە.

... سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.